زنجیرە کتێبی
خەونە گەورەکانی منداڵان

# محەمەد عەلی کلای

# محەمەد عەلی کلای

نووسەر: ماریا ئیزابیل - سانچیز فیگارا
وێنەکان: بروسمایند
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆبەتی چاپ: 2022
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار
چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (١٨٩٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (37)

ماریا ئیزابیل – سانچیز فیگارا

# محەمەد عەلی کلای

وێنەکان: بروسمایند

لە عەرەبییەوە: نەرمین عوسمان


2022

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانیی، قازانجنەویســتە. کاری ســەرەکی؛ ئەنجامدانــی توێژینــەوە و بەدواداچوونــی پرســە هەنووکەیــی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان، ســازکردنی کۆڕ، ســمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی 2013 لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.




چەندین ساڵ پێش ئێستا، کوڕێکی مێرمنداڵ لە ویلایەتی کینتاکی دەژیا، لە ناخی خۆیدا دەیزانی ڕۆژێک دێت سەرکەوتنێکی ناوازە لە ژیاندا بەدەست دەهێنێت.


ئەو کوڕە ناوی کاسیۆس بوو، لەماڵێکی بچووک لەگەڵ دایک و باوکی و برایەکی لە خۆی بچووکتر دەژیا.



جارێکیان، کاسیۆس کە بینی یەکێک پاسکیلە تازەکەی دەدزێت، بە پۆلیسەکەی وت دەمەوێت رووبەڕووی دزەکە ببمەوە. پۆلیســەکە وەڵامی دایەوە: «کاسیۆس، باشتر وایە سەرەتا فێری چۆنیەتی شەڕکردن بیت.»








ئەوەندەی نەبرد کاسیۆس دەستی کرد بە فێربوونی یاریی مشتەکۆڵە (بۆکسێن).

بەهێزترین یاریزان نەبوو، بەڵام چەکی نهێنیی خۆی هەبوو: خێراترین یاریزان بوو!







یەک بەدوای یەک پێشبڕکێی بۆکسێن دەستی پێ کرد، کاسیۆس توانیی تواناکانی وەک بۆکسێنەرێکی هەڵکەوتوو بسەلمێنێت. ئەو لێهاتوویەی وای کرد بەشداری یارییەکانی ئۆلۆمپیادی رۆما بکات و مەدالیای ئاڵتوونیی بباتەوە، بەڵام ئەوە بۆ ئەو بەس نەبوو! ئەو خەونی بەوەوە دەبینی ببێتە بۆکسێنەرێکی پیشەگەر.


1
1
2
3

کاسـیۆس بەبێ پشـوو و بێوچان ڕاهێنانـی دەکرد، ڕاهێنانەکانی تەنیا لەسـەر شانۆی بۆکسینگ نەبوو. کاسیۆس بڕیاری دابوو کە نازناوی پاڵەوانی جیهان بۆ کێشی قورس بباتەوە.




GYM



## وەک پەپوولە دەفڕم


ئـــارەزووی لەوە بـــوو بە گاڵتەپێکـــردن تەنگ بـــە ڕکابەرەکەی هەڵبچنێت، زۆربەی جار کاسیۆس هەندێک دەستەواژەی سەیری بەکار دەهێنا بۆ پێناسەکردنی ئەو شێوازی یاریکردنەی کە پەیڕەوی دەکات بۆ بردنەوەی کێبڕکێکان.

# وەک هەنگ پێوە دەدەم



لەو کاتەدا، هەندێک دەیانووت قسە و دەستەواژەکانی نابەجێن، بەڵام دەستەواژەکانی وەک شیعر دەوت... ئەو شێوازە دەیگەیاندە بردنەوە!

پاشـــان دەرفەت بۆ کاسیۆس رەخســا کە لەگەڵ سونی لیســتۆن، یەکێک لە بەهێزترین بۆکێسنەرەکانی جیهان رووبەڕوو بێتەوە.



هەموو کەس وا گومانیان دەبرد کە کاسیۆس زۆر دەترسێت،
بەڵام بۆی سەلماندن کە شایەنی پشتێنی پاڵەوانێتییەکەیە.




YES
WORLD

کاسیۆس تەنیا بۆکسێنەرێکی بەناوبانگ نەبوو، بەڵکــوو داکۆکیکەرێکــی ئازا بوو لــە مافەکانی ئەمەریکییــە بە رەگەز ئەفریقییەکان، لەو کاتەدا کە قسەکردن بەئاشکرا لەو بابەتە مەترسیدار بوو.





لەگەڵ ئەمانەش، کاسیۆس سەرسام بوو
بە ئایینی ئیسلام و ناوی لە خۆی نا «محەمەد عەلی کلای»، ناوێکی
جوان بوو، وای لێ کردبوو هەست بە بەهێزی و شانازیی بکات.





ALI



ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە وڵاتانی دوورەدەستی جیهان جەنگ بەرپا بوو. کلای وای دەبینــی کە ئەو جەنگە جەنگێکــی بێمانایە و رەتیکردەوە بەشداری تێدا بکات.

بەو هۆیەوە نازناوی پاڵەوانێتییەکەیان لێ سەندەوە و بۆ ماوەی سێ ساڵ لێیان قەدەغە کرد بۆکسێن بکات.

ئەو پێی وابوو باوەڕەکانی گرنگترن لەوانە.




کاتێک کلای گەڕایەوە بۆ بۆکسێن، وەک ناودارەکان زۆرترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا!


بە سەرلێشێواندن و فێڵی یاریکردن، کلای لە ماوەی چەند مانگێکدا هەندێک لە بەناوبانگترین پێشبڕکێکانی بردەوە و بوو بەیەکەم بۆکسێنەر کە سێ جار لەسەریەک نازناوی پاڵەوانی کێشی قورس لەسەر ئاستی جیهان وەربگرێت.



THE GREATEST FIGHT IN HISTORY
WORLD'S HEAVYWEIGHT CHAMPIONSHIP
LISTON
CLAY
ON TV
MIAMI BEACH CONVENTION HALL
TUES FEB. 25
1964
CHAMPION
WORLD
1964
BATTLE OF THE CHAMPIONS
MARCH 8
FRAZIER VS CLAY
ON TV
1971
KINSHASA –
CHAMPIONAT DU MONDE DE
GEORGE FOREMAN
1974




کلای، بەشایســـتەیی خۆشەویســـتی و ڕێزی خەڵکی هەموو جیهانی بەدەست هێنا.

کاتێک خانەنیشین بوو، پیشانی جیهانی دا کە ئەویش هەمان هەستی خۆشەویســـتی هەیە بۆیان، ئەویش بە کارەکانی لەپێناو ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و یارمەتیدانی کەسانی تر.




ALI

لەو کاتەوە، گەنجێکی زۆر لەسەر ڕێگەی محەمەد عەلی کلای دەڕۆن، ئەو کوڕە بچووکەی کە دەیــوت: «ڕۆژێک دێت دەبمە بەناوبانگترین بۆکسێنەر لە جیهاندا».



هەرکەسەو خەونی جیاوازی هەیە

کەواتە خەونی تۆ چییە؟

دەتوانیت لێرەدا بە راوێژ لەگەڵ خێزانەکەت خەونەکەت بنووسیت:

ئەگەر داوات لێبکەین،

دەتوانیت لە بارەی خەونەکانتەوە وێنەیەك بکێشیت:

## محەمەد عەلی کلای

(2016 – 1942)

کاتێک کە منداڵ بوو، پاسکیلەکەی محەمەد عەلی دزرا. ئەوکات، ویستی لەگەڵ دزکە شەڕ بکات، بەڵام پۆلیسێک ئامۆژگاری کرد سەرەتای فێری بۆکسێن بێت. ئیتر کلای بەردەوام بوو لە مەشق و ڕاهێنانی چڕ لە یانەی وەرزشی، بووە خاوەنی مستێکی بەهێز و ڕەوشتی بەرزی پیشەیی. بەهۆی زیرەکی و زمانپاراوییەوە، بەرزترین نازناوی جیهانی بۆکسێنی بەدەست هێنا، کە ئەویش نازناوی «پاڵەوانی جیهان بۆ کێشی قورس»ە.